# زیندوویێتی فەلسەفەی مارکسیزم
# لە قۆناغی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی دا

کارمەند بەکر
Karmand83atv@yahoo.com



**هەتاوەکو مرۆڤێك هەبێت مرۆڤێکی دیکە بچەوسێنێتەوە مارکسیزم زیندووترین فەلسەفەیە**

لە نێو کۆمەڵگای ئێمەداولە تەواوی مرۆڤایەتیشدا ئەوەی نوسین و دانراوەکانی مارکس و لێکدانەوە و بیروبۆچون و جیهانبینی مارکسی نەخوێندبێتەوە ، کاتێك دێت و قسە لە سەر مارکسیزم دەکات یان گوێی لە ناوەکەشی دەبێت ، بە فەلسەفەیەکی کۆن و بێ کەڵك و بە سەرچوو ناوی دەبات و یان هەندێ کەسیش زۆر لە مارکسیەکانیش زیاتر بەها و گرنگی ئەم فەلسەفەیەی لایە بەڵام بە مەبەستی دیاریکراو هێما ناکات بۆ فەلسەفەی مارکسیزم و لە کاتێکدا تاوەکو ئێستا زانستی ئابوری مارکس مسداقیەتی خۆی لە دەست نەداوە ، دێت و خەتێکی راست و چەپ دەهێنێت بە سەرتدا و خاڵی کۆتایت لەسەر دادەنێت ، لە کاتێکدا تەواوی دوژمنە سەرسەختەکانی مارکسیزم و پشگیری کەرانی سەرمایەداری و بەرهەم هێنەرانی کوشتن و بڕین و برسێتی ونا یەکسانی نەیان توانیوە دەقێکی ئەقلانی وا بەرهەم بهێنن کە هێزی ئەوەیان پێ ببەخشێ خاڵی کۆتایی لەسەر مارکسیەت دابنێن ، ئەمەش بە مانایی پیرۆزی نوسینەکانی مارکس نایەت ، بەڵکو بەهۆی هەمیشە ڕەخنە لێگرتن و لێکدانەوەی بەرهەمەکانی دێت و ڕوانینێکی واقعیانەی بۆ ژیان و خوێندنەوەی گوزەرانی ژێر دەستەیی لە سایەی سەرمایەداری و تێکەوتن و ڕووبەڕوو بونەوە لەگەڵ پێشهاتەکانی مارکس زیندویێتیەکەی هێشتۆتەوە ، دەنا ئەگەر بە شێوەیەکی وا تەماشای نوسینەکانی بکەین کە قابیلی گۆڕان نەبێت و نابێت ئەوەی نوسیویەتی گۆڕان کاری تێدا بکرێت و بەرگێکی نوێی پێدا بکرێتەوە ئەوا ئێمەی مارکسی دەبینە ڕاگەیەنەری کۆنی و بەسەر چووی ئەم فەلسەفەیە ، لێرەوە دەکرێت تێڕامانێکمان هەبێت بۆ بەرهەمەکانی مارکس و بۆ ئەوەی لەوە بگەین بۆ دەبێت مارکسی بین ، لە کاتێکدا سەدەونیوێك و چەند ساڵێکیش تێپەڕیوە بەسەر نوسین و بڵاوبونەوەی مانیفێستی کۆمۆنیست و پێم وایە دەتوانین مارکسیەت داڕێژینەوە و دەری بکەین لەو داڕشتنەی مارکس خۆی .

له بەرامبەریشدا دەسەڵاتی سەرمایەداری بەردەوام بانگەشە دەکات بۆ کۆتایی هاتنی مارکسیەت و ڕاگەیاندنی مەرگی ئەم فکرە نوێخواز و تیۆرە شۆڕشگێڕیەی کە پێی وایە هەرگیز ئەوانەی کە لەنێو کۆشك و تەلارەکان دەژین وەکو کەسانی هەژار و برسی بیرناکەنەوە کە لە نێو کوخێکدا ململانێی ژیان دەکەن ، ئەوانەی کە لە باڵەخانەکاندا ڕەنجی کرێکاران دەخۆن و تەنانەت مرۆڤانە تەماشای ڕەنجدەرێکی بەدبەخت ناکەن و پێیان وایە دەبێت تا هەتایە بەرهەمی ئەوان خۆشگوزەرانیان بۆ بەرهەم بهێنێ و بۆیە دەکرێت بپرسین سەرمایەداری چی پێیە جگە لە کاولکاری و ماڵوێرانی و جەنگ و ئابڵوقە و پیس بونی ژینگە و دروستکردنی چەکی کۆکوژ و مۆنۆپۆلکردنی بازاڕ و ناعەدالەتی و قەیرانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوە و بێکاری و برسێتی و هەژاری و داگیرکاری ...... ئالێرەوە مارکسیەت فەلسەفەیەکە بۆ ژیان و ڕزگار بونی مرۆڤایەتی یە لە ژێر دەستەیی و چەوساندنەوە و نابەرانبەری و گەرانەوەی ئیرادەیە بۆ مرۆڤەکان و کارکردنە بۆ بەرهەم هێنان و دروست کردنی گێتی یەك بە دوور بێت لە عەقڵیەتی دۆگمایی و لە قاڵبدانی توانا و دەسەڵات و هێزی بەرامبەر و تیۆرێکە بۆ خەبات کردن لە پێناو ئازادی و یەکسانی و دادوەری کۆمەڵایەتی و بنەبڕکردنی کۆیلایەتی و کارو هوشیاریە بۆ دنیایەکی بێ پێشێلکاری و ڕێبازێکە بۆ دەرچوون لەو قەیرانانەی کە مرۆڤ بۆ مرۆڤایەتی دروست کردووە ، لەم جیهابینیەوە بۆ ڕۆژی خۆی و خوێندنەوەی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیش ، مارکس فکرێکی بەرهەم هێنا کە هەمووومان قەرزار باری بین ، چونکە تاوەکو ئێستا هیچ کام لە هزرمەندان و نوسەر و فەیلەسوفەکان نەیانتوانیوە دێڕێکی وەکو نوسینی ئەو بەرهەم بهێنن کە لە قۆناغی کۆمەنیستیدا دەڵێت (( هەر کەس چەندی لە توانا دابێت و بۆ هەرکەسێکیش چەندی پێویست بێت )) ئائەمەیە ئەقلانی ترین دەقی کەڵە فەیلەسوفێك بۆ دنیایەکی بێ خەوش و بە بێ چەوساندنەوە و جیاوازی چینایەتی ، دنیایەك کە تەواوی مرۆڤەکان بە دوژمنانی مارکسیەتیشەوە خەونی پێوە دەبینن.

لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دا یان ئەو کۆمەڵگایانەی دەسەڵاتی سەرمایەداری پێی دەگات و ڕێننمایی سەرکردە و بەرپرسانی ئەو وڵاتەی پێدەکەن بەو بەرنامە و پلانانەی کە خۆیان مەبەستیانە و بەمەش گرفت و قەیران دێننە کایەوە ، کە لە ئەنجامی بڕیاری سیاسی و ئابوری دەسەڵاتی سەرمایەدارەوە سەرچاوە دەگرێ ، کە هەموو کارێك و پلان و نەخشەیەکیان بۆ قۆرخ کردن و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکار دەهێنن ، لەبەر ئەوەی کەڵەکە بونی سەرمایە وەك مارکس دەڵێ (( داماڵینی موڵکایەتی راستەخۆی بەرهەم هێنەرانە بە شێوازێکی زۆر وەحشیانە و بێ بەزەییانە و چەپەڵترین و سوکترین و دڕندانەترین هەست کردنی سەرمایەدارە )) کە تەنها بیری لای کۆکردنەوە و زیادکردنی سەرمایەیەکەیەتی بە بێ ئەوەی هەستێکی مرۆڤانەی هەبێت و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زێدە باییەی کە مارکسی زیاتر ناساند .

ماركس دێت و باسی درا و کڕین و فرۆشتن دەکات و لەم هەنگاوانەوە کە بەرەبەرە دواتر دەبێتە سەرمایە کە دەفرۆشرێت بۆ ئەوەی بەرهەم بهێنرێت و بەرهەم دەهێنێت بۆ ئەوەی کە بفرۆشرێت و دراو دێتە کایەوە و بەمانای  کڕین دەکرێت بۆ ئەوەی بفرۆشرێتەوە بە قازانجەوە ، ئەو نرخەی کە پێی کڕاوە و دوایی کە دێتە فرۆشگا و پیشان دەدرێت و نرخێکی کەی بۆ دانراوە ، ئەمە مارکس ناوی لێناوە زێدە بایی ، یان ڕوونتر  کاتێك کرێکارێك لە کارگەیەکدا کار دەکات و ئەو بڕە پارەیەی کە پێی دەدرێت هی ماوەی چوار کاتژمێر کارکردنە نەك  شەش کاتژمێر کارکردن ، لێرەدا مارکس ئەو دوو کاتژمێر کارکردنە زیادەیە ناو لێدەنێ زێدەبایی و بێ بەزەیی و وەحشیگەرانەی کرداری سەرمایەدارەکە دەبێتە هۆی کەڵەکە بوون و زیاد بونی سەرمایە ، کەواتە لێرەوە چەوساندنەوە دەست پێدەکات و جیاوازی چینایەتی دێتە کایەوە و ململانێی نێوان سەرمایەدار و کرێکار یان خاوەن کار و کرێگرتە بە شێوەیەکی گشتی دروست دەبێت و مارکس وتەنی  (( حەقدەست بریتی نیە لەو بەشەی کە کرێکار لە بەرهەم هێنانی کالاّدا لە ئەستۆی گرتووە ، بەڵکو بەشێکە لەو بەرهەمەی کە لەوە و پێش سەرمایەدار هەیبووە و دواتر ڕادەیەکی دیاری کراو لە هێزی کاری پێ کڕیووە )) و ئەگەر تەماشای تەواوی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بکەین جگە لەوەی کە ئەنگلز دەڵێ (( بێجگە لە ئاوەدانیە سەرەتاییەکان )) تەواوی بریتیە لە مێژووی ململانێ و کێشمەکێشمی نێوان چینەکان و بە گشتی زۆرلێکراو و زۆردار کە بەردەوام لە دژایەتی کردنی یەکتری دان .

ئەگەر چەوساندنەوە و زۆرداری و نا دادوەری هەبوو ، بەمەش کەس و لایەن و تاقم و گرووپیش دەبن بۆ نەمانی ئەم زۆرداری و نەفامی یە ، بەلاّم ئەوەی کە گرنگە جیاکرنەوەی ئەم دوو چینە یە کە زۆردار و زوڵم لێکراوە و یەکێك لە خەسڵەتە دیارەکانی ئەم چینە چەوساوەیە ئەوەیە کە هەرگیز پەنای نەبردۆتە بەر توند و تیژی و نانەوەی پەشێوی و نائارامی و جەنگ خواز نەبووە بۆ بەدەست هێنانەوەی مافە زەوتکراوەکانی ، بەو مانایەی کە کەس و لایەنی مارکسی ناکرێت بۆ بەدەستهێنانی ماف و داواکاریەکان پەنا ببنە بەر توند و تیژی و دروست کردنی نا ئارامی و چاندنی ڕق و کینە و بەرهەم هێنانی ترس و دڵە ڕاوکێ لەو شوێنەی مافی زەوت کراوە .

بەردەوامی ململانێ و چەوساندنەوە و دژایەتی کردنی چینەکان یانی بەردەوام هەبوونی کێشە و گرفت و ئاڵۆزی و لەبەر نەبونی هێزێکی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەو قوربانی دەر کە بتوانێ وزە و تورەیی ئەم جەماوەرە کۆبکاتەوە و لینین وتەنی بێزاری و وزەی ئەم خەڵکەش بە فیڕۆ دەڕوات چونکە کۆکراوە و ڕێکخراو نەبووە و هێزێك نەبووە پێشرەوی بکات و ڕێکی بخات ئەگەر هەشبێت ئەو هێزە خۆی تۆکمە و پتەو نەبووە و کەمتەرخەمیەکانی نەیتوانیوە جەماوەر لە خۆی کۆبکاتەوە و ئاراستەیان بکات و خۆی پێشڕەویان بێت  ،لە ئێستاشدا کە سەرمایەداری گەشەی کردووە من پێم وایە گەشەسەندنی سەرمایەداری پەیوەندی بە لاوازی و خۆ ڕێکنەخستنی مارکسیەکانەوەیە هەیە نەك نەهج و کاری سەرمایەداری خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤەکان هێنا بێت بە پێچەوانەوە بەدبەختی

هێناوە ، بەلاّم ئەو کاتەی هەموو ئەم خەڵکانە دەچەوسێنە وە و بە بەردەوامی زوڵمیان لێدەکرێت و مافەکانیان زەوت کراوە بە ئاگا دێنەوە و بە جۆریك هوشیار دەبنەوە کە چیتر ناکرێت ئەم زۆرداریە قبوڵ بکرێت و بێ مافی نابێت بمێنێت ، چونکە هۆشیاری گرنگە بۆ ئەوەی کە ماف و ئەرکی خۆت بزانیت و لە بەرامبەر جێ بە جێ کردنی ئەرکەکان مافەکانیشت بە دەست بهێنیت ، لێرەوە کاتێك هوشیاری تاکەکان دەگاتە ئەو ئاستەی کە دەبێت کۆتایی بە بێ مافی بهێنرێت و چەوساندنەوە بنەبڕ بکرێت و سەرمایەداریش کە هەژاری و برسێتی هێناوە و لە لایەکی تریشەوە نابەرابەری و ئەمانەش بەردەوام قەیران دەهێننە پێشەوە و پەیوەندی نێوان دەسەلاّت و ئەم توێژە چەوساوە و برسی و هەژارەش پەیوەندیەکی بەرژەوەندخوازە ، بەو مانایەی سەرمایەدار و دەسەلاّت کار بۆ ئەوە دەکەن هەر لە بالاّ دەستی دا بمێننەوە و دەسەلاّت پەنا دەباتە بەر هێز و ملکەچی داخوازی هەژار و چەوساوەکان نابێت و سەرمایەدارەکانیش زیاتر هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی بەرهەمەکانیان زیاد بکەن و سەرمایەکانیان کەڵەکە بکەن ، بە بێ گوێدانە ڕەفتاری نامرۆڤانەیان و دەسەلاّت دەمێنێتەوە هێزی بەکار هێناوە و مل نادات و سەرمایەداریش جگە لەوەی بەرهەم زیاد دەکات و بەردەوام بەرهەم هاتوەکانی دەخاتە بازارە وە ، بەلاّم هەردووکیان بەردەوام هەژاریان پێ چارەسەر ناکرێت و دەبنە هۆی سەرەکی قەیران و جیاوازییە چینایەتیەکان .

ئەم بەردەوامیەی قەیرانی ناو کۆمەڵگا و کێشە و ئاڵۆزی و هەژارییەی زۆربەی تاکەکان و مرۆڤایەتی بە گشتی وا دەکات کە دەست کەن بە کارکردن بۆ خۆ دەرباز کردن و ڕزگار بوون لەو قەیرانە و بەرەو یەکگرتن و خۆڕێکخستن هەنگاو دەنێن و کە مارکس ناوی لێدەنێ شۆڕشی پرۆلیتاریا ، کە دەکرێت بڵێین بریتی یە لە شۆڕشی خەڵکانی هەژار و چەوساوە و ماف زەوت کراو بەرامبەر ژمارەیەکی کەمی چەوسێنەر و کارکردوو تەنها لە بەرژەوەندی تاکخوازانەی خۆیان و کەڵەکە کردنی سەرمایەیەکانیان لە ئەنجامی کارو ڕەنجی کرێکاران و لە کاتێکیشدا شۆڕشی هەژار و چەوساوەکان سەردەکەوێت جیاوازی چینایەتی نامێنێت و تەواوی قەیران و نیشانەکانی سەرمایەداری لە ناو دەچن و ڕاستەوخۆ دەگەینە ئەو قۆناغەی کە مارکس دەڵێت (( هەر کەس بە پێی توانای خۆی و بۆ هەر کەسێکیش هێندەی کارەکەی خۆی )) بەلاّم ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە کە مارکس ئەم شۆڕشەی بە قۆناغەوە بەستۆتەوە و ناکرێت بازادن بکرێت بەسەر ئەو قۆناغەدا واتا ناکرێت بڵێین هەر ئێستا دەبێت شۆڕش بکرێت بە بێ ئەوەی زەمینەسازی بۆ کرابێ ، بەو مانایەی کە مارکسیزم پەیوەستە بە قۆناغ و ژیانی کۆمەڵگا و مێژوو و ڕۆژگار و ڕووداو و کاتەوە .

ئەم قۆناغەی کە مرۆڤایەتی پێی دەگات تەواوی بەرهەم هاتوەکان و ئەوانەی دەستکردنی مرۆڤن و هەموو ئامێر و کەل و پەلەکان دەچنە خزمەتی مرۆڤ و چونکە لای مارکس شورەییە ئەو ئامێرانەی مرۆڤ دروستی دەکات و بەرهەمی دەهێنێت ، لە خزمەتی مرۆڤدا نەبێت و مرۆڤ ببێتە کۆیلەی ئەو شتانەی کە بە بیر و هێزی خۆی بەرهەم هاتووە و بەردەوامیش بەرهەمی دەهێنێت ، بۆ نمونە

کرێکارێك ڕۆژانە چەندین کاتژمێر کار دەکات لەسەر مەکینەیەکی شیرینی دروست کردن ، ئەم کرێکارە بەردەوام خزمەتی ئەم مەکینەیە دەکات و شیرینی پێ بەرهە م دەهێنێت و بەلاًم هێندەی ماندوو بونی خۆی کە کاری کردووە و ئەرکی کێشاوە ، حەقدەست وەرناگرێ و بەلاًم ڕۆژانە و هەمیش کار و پیشەی و کاتەکانی تەمەنی لەگەلٌ ئەم ئامێرە بەسەر دەبات و لێرەدا ئەم کرێکارە وەکو کۆیلەی لێدێت و کە بەردەوام ئەمە کاریەتی و خزمەتی دەکات و ئەم ئامێرە دەپارێزێ بەلاًم بەهۆی خاوەنکاری سەرمایەدار هێندە حەقدەست وەرناگرێ کە بتوانێ ژیانێکی وای پێ بباتە سەر کە شایستەی مرۆڤ بێت و بیریشمان نەچێت کرێکار تەواوی ئەو کارە تاقەت پڕوکێنانەی کە دەیکات بۆ ئەوە نیە کە ئەوەی بە دەستی دێنێت خۆش پێ بژی و پشوو بدات بەلٌکو مەبەستیەتی بەرامبەر بە ژیان چۆك دانەدات و ململانێیەتی لە گەلٌ ئەو خواردنەی کە پێی دەژی ، لە بەر ئەوەی تەواوی ئەو کەل و پەل و مالٌ و هەموو ئەو شتانەی کە خاوەنیەتی بریتی یە لە فرۆشتنی هێزی کاری خۆی ، یان سوپا ، دادگا ، پۆلیس ، پەرلەمان ، تەواوی دامەزراوەکانی تر کە مرۆڤ خۆی دایمەزراندوون و خاوەنیانە لە ئابڕووچوون زیاتر چی دەگەیەنێ کە لە خزمەتی مرۆڤایەتی دا نەبێت و سوپا داگیرکاری پێ بکرێ و پۆلیس هاولاًتی زیندانی بکات و دادگا جیاوازی بکات لە نێوان مرۆڤەکان چ لە ڕەنگی پێستیان بێت یان پلەی کۆمەلاًیەتی و سیاسی و یان هەر هۆیەکی تر ، بەلاًم ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە ئەو کۆمەلٌگایەی مارکس باسی دەکات و مارکسیەکان کاری بۆ دەکەن پێویستی بە دامەزراوە نەبێت و ئیتر دەبێتە زەمەنی ئازادی ڕەها و بێسنوری کارەکان و پێشێلکردنی مافەکان ، نا بە پێچەوانەوە کاتێك مرۆڤ کامێرا بەرهەم دەهێنێت بۆ وێنە گرتن و مانەوە و هەلٌگرتنیان وەك دیکۆمێنت و ئەوەی کە گرنگە لای مارکس لەوەدایە کە بۆ چاودێری مرۆڤەکان بەکار نەهێنرێت و چاسوسی پێوە نەکرێت واتا لای مارکس دەبێت تەواوی ئەو شتانەی بونیان هەیە خزمەتی مرۆڤایەتی پێبکرێت نەك بە پێچەوانەوە ، چاو با بۆ نیگایەکی خۆشەویستی و بینین بەکار بهێنرێت نەك ترس و تۆقاندن ، دەست بۆ باوەش بەکار بهێنرێت نەك لێدان پێیەکان بۆ ڕۆیشتن بن نەك ئازار دان .

ڕژێمە سەرمایەدارەکان بەردەوام ڕوکەشیان بە وشە باق و بریقەکانی ئازادی و مافی مرۆڤ و یەکسانی دەرازێننەوە و خۆیان وەکو فریاد ڕەس نیشان دەدەن بۆ مرۆڤایەتی لە کاتێك دا خۆیان یەکەم کەسن پێشێلکاری مافە مەدەنی و سیاسی و ڕۆشنبیریەکان دەکەن و ، باسی مافی مەدەنی دەکرێت و خۆپیشاندەر دەگیرێت ، باسی یەکسانی نێوان مرۆڤەکان دەکرێت و ئافرەتانیش چەوساوەن و ڕەنگی پێست و قژ و ڕوخسار ژیانت دەگۆڕێت ، باسی مافی مرۆڤ دەکرێت و لە جەنگ و داگیرکاریەکاندا ئەو پەڕی بێ مافی بەرامبەر بێ تاوانەکان دەکرێت ، باسی ئابوری و ژیانی گەلێك دەکریت و سەروەت و سامانی ئەو گەلە بە فیرۆ دەبریت ، خۆی بە ڕزگار کەر ناو دەبات و چەندین مرۆڤیش لە سایەی دەسەلاًتیدا لە سەر شە قام و کۆلاًنەکان ڕۆژ دەکەنەوە ، لە ژێر پەردەی

هێنانی دیموکراسی و ئازادیدا عێراق داگیر دەکرێت و لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاوە سێ هەزار دەست درێژی سێکسی بۆ سەر ئافرەتانی عێراق ئەنجام دەدرێت ، هەر لە ولآتە سەرمایەدارەکاندا کە بانگەشەی یەکسانی دەکرێت موچەی هەردوو ڕەگەز جیاوازە لە کاتێکدا یەك کار دەکەن ، ئەمانە نمونەی سادەن لە خەرواری پڕ نەهامەتی ڕژێمی سەرمایەداری .

تایبەتمەندیەکی تری مارکس و مارکسیەکان ئەوەیە کە بەردەوام بڕوایان بە نوێگەری و داهێنان هەیە و دژی چەقبەستوی و دۆگمابونن ، هەمیش لەگەڵ تازە کردنەوەن و ڕەخنە و ڕەخنە لە خۆ گرتن جوانترین نەریتی نێوان دوو کەسی مارکسیە ، نابینی و نابیستی هەرگیز وا نەبووە کە کەسێك هەڵگری فکری مارکس بێت و لە باگراوندی فکری و گۆشە نیگای خۆیەوە بۆچون و پێشنیاری نەبوبێت لە خواست و بابەتەکاندا بۆ بەرهەم هێنانی باشیەك کە باشتر بێت لە باش ، مارکس دەڵێت (( فەیلەسوفەکان تەنها جیهانیان لە گۆشە نیگای خۆیانەوە لێك داوەتەوە ، بەڵام ئێستا کاتی گۆڕینیەتی )) یان دوای مردنی مارکس ئەنجلز دەڵێ (( ئەگەر ئێستا مانفێستمان بنوسیایە بە دڵنییایەوە بە جۆرێکی تر دەبوو گۆرانی بەسەردا دەهات )) ئەمانە بەڵگەن بۆ ئەوەی کە مارکسیەت بڕوای بە چەقبەستوی نی یە و گۆرانکاری نوێگەری بە ئاراستەی بەرژەوەند خوازی سەرەتای وێستگەی کارەکانیەتی ، بەوەی کە ئەم نوێگەری و داهێنان و تازە گەریە لە خزمەتی مرۆڤدا بێت و ، مارکس دروست کردن و بەرهەم هێنانی چەکی کۆکوژ و ئەتۆمی بە داهێنان نازانێ کە مرۆڤی پێ لە ناو ببرێ و بەڵکو تەواوی گۆڕانکاریەکانی کە مارکس لەگەڵی دایە و پێی وایە ناکرێت ئیمرۆش وەکو دوێنێ بێت چونکە دوێنێ بۆتە ڕابردوو دەبێت ببێتە ئەزموون بۆ سبەینێ ، دەنا ئەگەر تەکنەلۆجیای ئەمڕۆی سەردەم کە دنیا لە سایەی دا بۆتە گوندێك و تەواوی بەرهەمەکانی تری سەرمایەداری ئەگەر خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤەکان هێنابێتە کایەوە ناکرێت ئەوەش نەڵێین کە لەهەمان کاتدا قەیران و کێشەشی بەرهەم هێناوە ، لە لایەکی ترەوە کۆمپانیا گەورەکانی دونیا ئەگەر چی هێزی کار بەڕێوەی دەبات ، بەڵام قازانج و سەرمایەیەکەی نەتوانراوە لە خزمەتی خۆشگوزەرانی هێزی بەرهەم هێنەرەکەی بێت ، نمونەش زۆرە لەو ولآتانەی کە سەرمایەداری بەڕێوەی دەبات و لە سەرشەقام و کوچە و کۆڵانەکان مرۆڤی برسی و هەژار و ڕووت و بێ لانە ڕۆژ دەکاتەوە .

پێم وایە مارکسیزم تاکە ئەڵتەرناتیڤە بۆ ڕزگار بونی مرۆڤایەتی لەو قەیران و کێشمە کێشمەی کە تیایدایەتی و بەردەوام بە دەست جیاوازی چینایەتی و هەژاری و برسێتی و داگیرکاریەوە دەناڵێنێ ، بەڵام لە هەمان کاتدا چەندێك فەلسەفەی مارکسیزم گرنگە لەمەش زیاتر ئەو گروپ و تاقمانەن کە خۆیان وا نیشان دەدەن هەڵگری بیر و ڕێبازی مارکسین و کارویپیشەی ئەوان بەرگری کردنە لە خەڵکانی هەژار و خەبات کردنە بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوە و فریاد ڕەسی یە بۆ ژیانێکی نوێ ، چونکە دروستە بۆ من و ئەو و هەموشمان لە ئەحزابی مارکسیەوە بڕوانینە مارکسیەت و لە گروپە ئیسلامیەکانەوە تەماشای ئاینی ئیسلام بکەین و لە قەیران و کێشە و برسێتی یەوە خوێندنەوەمان

هەبێت بۆ سەرمایەداری ، لەبەر ئەوەی ئەگەر مارکسیزم دەقێکی نوسراو  بێت ئەوا پەیرەوکەرانی دەبنە داینەمۆ بۆ نوێکردنەوە و گەشەکردن و داڕشتنەوەی لە قۆناغی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیدا و ئەرکێکی گران و بەرپرسیارێتیان دەکەوێتە ئەستۆ لە بەرامبەر مێژوودا و ئاشکراشە مێژوو بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە و مارکسی بوون بە تەنها بریتی نیە لە رۆشنبیری و زانیاری و گەران بە دوایی راستیدا و فێربوون ، بەڵکو هەڵوێست و هەڵسوکەوتە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کارکردن و هۆشیاریە .

لەم بابەتەدا حزبی شیوعی عێراقی وەکو نمونەیەك لە ئەحزابی مارکسی وەردەگرین .

ئەندام و لایەنگرانی حزبی شیوعی و پەیرەو و پرۆگرامیشی هەرگیز تانە و تەشەرەی لەکەس نەداوە و هیچ لایەن و گروپێکی خەتی راست و چەپی بەسەردا نەهێناوە ئەگەر تروسکایەکی هەبوو بیّ بۆ خزمەتکردن بە کۆمەڵگا و بەردەوام بەرامبەری رەفز نەکردۆتەوە ئەگەر دژی ئەو حزبە یان پێچەوانەی ئەویش فکر و تێروانینی هەبووبیّ  و تەواوی پشێوی و ئاژاوەگێریەکانی کە بە درێژایی مێژووی دروست بوونی ئەم حزبە هاتونەتە ئاراوە لە نێو کۆمەڵگادا جگە لەوەی کە ئەم حزبە لە پشتیەوە نەبووە لە هەمان کاتدا بە ترس و تۆقاندن وەڵامی نەداونەتەوە و  پشتی بە خەباتی مۆدێرن و هێمنانە بەستووە و کاری سیاسیان کردووە نەك هەڵگرتنی چەك و دروست کردنی میلیشیای چەکدار و ئەو کاتەی هێزی پێشمەرگەشی هەبووە بۆ بەرگری کردن بووە لە نیشتمان ، نەك کوشتن و برین و نانەوەی ئاژاوە و بۆ تەواوی داخوازیەکانی ئابوری و سیاسی و یان کۆمەڵایەتی رێگای خۆپیشاندان و مانگرتن و وتار و بەیاننامە و کاری راگەیاندنی گرتۆتە بەر و دروستکردنی رێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و سەندیکاکانیشی بە هەمان رێگەی گونجاو زانیوە بۆ بە دەست هێنانی مافەکان و بە واقعی و سەردەمیانە کاری کردووە ، لە رژانە سەرشەقامی کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراقەوە بۆ رازی نەبوون بە رۆژی لە دایك بوونی فاتیمەی زەهرا بە رۆژی ئافرەتان و خۆپیشاندان لە رۆژی یەکی ئایار بۆ داخوازیەکانی کرێکاران و بەرز راگرتنی ئەو رۆژە و سازشکاری تەنها لەو کاتەدا کە بەرژەوەندی گەلی تێدایە و نەك خزمەتی حزب بکات و گەل پشت گویّ بخریّ  و وەك دەرکردنی یاسایی نەوەدی کرێکاری و رێکەوتنی لەگەڵ  حکومەتی ئەو کاتی بەغدا و دانانان بە مافی گەلی کورد لە یەکەمین رۆژنامەی زمانحاڵی ئەو حزبە و دەبێتە بڕوابونی تەواوی ئەو حزبە بە مافەکانی مرۆڤ لە هەموو ڕوویەکەوە و هاوسۆزی لە سەرجەم کێشەوداخوازیەکان  و پشگیری کردنی لە هەرێمی کوردستان .

تەواوی مێژوی بریتی یە لە دژایەتی کردنی جەنگ و داگیرکاری و چەوساندنەوە و جیاوازی رەگەز و نەتەوە و رێزگرتن لە ئازادی بیرکردنەوە و دیالۆگ و یەکتر قبولٚ کردن ، کار کردن بۆ داگیر نەکردنی عیراق لە لایەن ئەمریکاوە و بڕوا بون بەوەی کە ئەم جەنگە دەبێتە ماڵوێرانی و قەیران لە پاش

ڕووخاندن و داگیرکردنی و دەبێت هاولاّتی عیراقی خۆی دەسەلاّت لە ناو ببات نەك هێزی سەربازی و جەنگ هۆکارە نەك کۆتایی نەهامەتیەکان و ( نا بۆ دیکتاتۆریەت ، نا بۆ جەنگ )ڕاگەیاندنی یەکەم بەیاننامەی پێش لێدانی ڕژێمی گۆڕ بە گۆڕی بەعس و ناساندنی ئەمریکا وەك داگیر کەر و بەرهەم هێنەری بەدبەختی بۆ گەلی عیراقی و کە ئێستا مافی خۆیەتی شانازی پێوە بکات ، بۆ خوێندنەوەی ئەو واقعەی کە پاش جەنگ بەرۆکی هاولاّتیانی عیراقی دەگرێت و لە کاتێك دا چەندین ئەحزابی دیکە پێیان وابوو کە ئەمریکا هێزی ڕزگار کەری عێراقیەکانە لە و نەهامەتیانەی کە چەندین سالّ بە دەست دەسەلاّتی بەعسەوە دەنالّێنن ، ئەمڕۆش دەبینین عیراق چۆتە ناو گۆمی خوێنی هاولاّتیانی خۆی و کوشتن و سەربڕین و دزی و گەندەلّی ئیداری و سیاسی بونیان هەیە و بۆتە شتێکی ئاسایی کە ڕۆژانە چاوەڕێی ئەوە دەکەی فراندن هەبێت و تەقینەوە ڕووبدات و پێداویستیە سەرەکی و سەرەتاییەکانی ژیان دەست نەکەون .

هزرمەندێکی مارکسی و شۆڕشگێڕی وەك گیڤارا دەلّێت (( شۆرش ئەو کاتە دەتوانیّ خۆی لەبەردەم مەترسی ناوخۆی و دەرەکی ڕابگریّ کە دەست بەجیّ ئەو بەلّێنانەی بە جەماوەر دراوە جیّ بە جیّ بکرێت و کارێك بکات کە هەموو ئامانجەکانیان لەگەلّ ئامانجەکانی خۆیاندا کۆك بێت و هاولاّتیان هەست بکەن کە مانەوەیان بەندە بەو شۆڕشەوە )) بەلاّم بە پێچەوانەوە لە دوای ڕووخاندنی بەعس ئەمە نەبووە و و ئەو دەهۆلّ و هاوارەی بۆ ئازادی دەکرا گەر بێت و دەسەلاّتی سەرمایەداری ئەمریکا دەسەلاّتی بەغدا بڕوخێنیّ ، هەرزانی و خۆشگوزەرانی و ئازادی بەرهەم دێت هەموویان بونە بلّقی سەر ئاو و تا وەکو ئێستاش ناتوانرێت بزانرێت کە نەوتی عێراقی چۆن ئەمریکا دەیبات و سەرمایەداری هەر ئەوەندەی لیّ چاوەڕوان دەکرا کە ئێستا لە عیراقدا بونی هەیە و گروپە تیرۆرستیەکانیش کە ئێستا هەن ئەمریکا خۆی پەروەردەکار و دروستکەریان بووە .

بۆیە پێم وایە لە نێو مندالّدانی فەلسەفەی مارکسیەتدا دونیایەکی بیّ چەوساندنەوە و دادوەری بەرهەم دێت و خەون و ئومێد و کۆتایی جەنگ و داگیرکاری و هەژاری و نابەرابەریەکان چارەسەر دەبن و جیاوازی چینایەتی بونی نابێت و تەواوی هۆکارەکانی بەرهەم هێنان لە خزمەتی مرۆڤایەتی دا دەبێت ، بەلاّم بیریشمان نەچێت لە دونیادا سەرکەوتن و ژێر کەوتنیش هەیە و بەلاّم وەك ئەوە ڕیجیس دۆبریّ دەلّی(( بەلای خەلّکانی شۆڕشگێڕەوە شکست و سەرنەکەوتن دەبێتە خالّێك کە تیایدا هەلّوێستە بکرێت و ئەزمون کۆ دەکاتەوە و یەکی دەخات)) . دەمەوێت بلّێم هەر چەندە سەرمایەداری بە چەندین شێواز و بەرگی نویّ خۆی تازە بکاتەوە ، ناتوانیّ خۆی لەبەردەم شۆڕشی چەوساوەکاندا بگرێت و ئەو سیستمە لیبڕالّیەیە کە بە هێز و پۆلیس و کاری سیخوڕی دەیەوێت خۆی بپارێزێت و گەشە بکات (عێراق و ئەفغانستان وەك نمونە) .

مارکسیزم هێشتا زیندووە لە بەر ئەوەی کە داوای ژیانێك دەکات شایستەی مرۆڤ بێت ، کێشمە کێشمی چینایەتی بونی هەیە و نکۆلّی لیّ ناکرێت ، مارکسیزم هێشتا زیندووە چونکە بیرۆکەیەکی

دۆگما نیه و ڕێنیشاندەر و ڕێبازە ، داوا دەکات مرۆڤ خاوەنی ئیرادەی خۆی بێت ، مرۆڤ به هۆی فکری ئاینی نەتەوەی ڕەگەزی ڕەنگی ..مرۆڤێکی دیکه نەچەوسێنێتەوە ، به کورتی هەتاوەکو مرۆڤێك هەبێت مرۆڤێکی دیکه بچەوسێنێتەوە مارکسیزم زیندووترین فەلسەفەیه و خۆری مارکسیەت له ئاسمانی چەوساوەکان ئاوا نابێت .

بۆ ئەم بابەته سود وەرگیراوە له :-

مارکسیزم : وەرگێڕانی ئەحمەد حامید

کاری کرێگرته : وەرگێرانی فەروخ نیعمەت پور